# كارامەيەكانى ئەكاديمى

## وانەی ( 6 )

## كارامەيی چۆنيەتی كاركردن بە گروپ

ئامادە كردنی ماموستايان

د. جوان زرار فتح الله
م. هێژا حامد مصطفى

# كارامەیی چۆنیەتی كاركردن بە گروپ

دەكرێ فێرخواز لە گروپێكی دوو كەس یاخود زیاتر كاربكەن بۆ بە ئە نجام گەیاندنی پرۆژەیەك ( ڕا پۆرت نوسین, دیزاینی پۆستەر, دیبەیتكردن ). لە ڕێگەی ئەم شێوازی كاركردنەوە فێرخواز ڕۆڵێكی كارا دەبینێ چونكە فێرخواز لە چەقی فێربوون خۆی دەبینێتەوە و وانەبێژ زێتر ڕۆڵی چاودێر و سەرپەرشتیار دەبینێ. بەمە فێرخواز بواری بۆ دەڕەخسێ كە بەشداری زیاتر بكات لە گفتوگۆكان و چالاكییەكانی ناو پۆل, لەگەڵ ئەمەشدا فێرە هەماهەنگی و بەڕێوەبردن دەبێ. هەروەها كە تیمەكەی پرۆژەیەك بە ئە نجام دەگەیەنێ, لەڕووی كردارییەوە فێرخواز هەست بە دەستكەوتی زیاتر دەكات.

كاركردن بە دووان دەكرێ بۆ دایەلۆگ و ڕاهێنانی كورتی وەك وەڵام و پرسیار بەكاربێ, بەڵام كاركردن بە گروپ بۆ گفتوگۆ و ڕاهێنانی پەیوەست چارەسەری كێشە بەكاربێ.

# گرنگە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پەیڕەو بکریت :

1. بەرلەوەی فێرخواز بەسەر گروپەکان دابەشبکرێ, هەنگاوەکان بە وردی ڕوون بکەوە.

2. ئەگەر ژمارەی فێرخوازەکان زۆربوو, دەکرێ سوود لە چەند فێرخوازێك وەربگیرێ بۆ ئەوەی یارمەتی وانەبێژ بدەن.

3. دەکرێ هەر فێرخوازە و ڕۆڵی دەستنیشان بکرێ لە گروپەکەی خۆیدا بۆ ئەوەی هەموو ئەندامان بەشداربن لە چالاکی دیارکراو کە بە تیمەکان دەدرێ.

4. دڵنیابە کە گروپەکان هەمووان ڕاهینان و چالاکییەکان بە دروستی تەواو دەکەن. ئەگەر هاتوو گروپێك زووتر کارەکەی تەواو کرد, ڕاهێنانی زیاتر ئامادەبکرێ و پێیان بدرێ تاوەکو گروپەکانی تریش پرۆژەکانیان تەواو دەکەن.

5. بۆ ئەوەی فێرخواز هەست بە فێربوونی پراکتیکی بکات, لە کۆتایی هەر وانەیەك فیدباك وەربگرە.

6. ماوەی هەر کارێك / ڕاهێنانێك / چالاکییەك/ پرۆژەیەك دەستنیشان بکە.

7. دەستنیشانی ئەوە بکە کە کێ لەگەڵ کێ کاردەکا, هەروەها بەدواداچوون بکە بۆ ئە نجامدانی کارەکانی گروپەکە تاکو هەر ئەندامێکی گروپەکە بەشەکەی خۆی لە ئەرکەکە ئە نجام بدات بە ڕێك و پێکی بێ ئەوەی هەموو ئەرکەکە لەلایەن یەك قوتابی ئە نجام بدرێ.

سوپاس بو هەمووان